# له بارەی دەستووری هەرێمی کوردستانەوە

**ئازا حەسیب قەرەداخی**

(2)

لەو بڕوایەدام مەسەلەی پەیوەندی نێوان دین و دەسەلآت زۆرترین گفتوگۆی لێبکەوێتەوە و خەڵکی کوردستانیش دابەشی سەر سێ ڕەوتی سەرەکی بکات: توندڕەوانی ئیسلامی سیاسی, عەلمانی ڕادیکاڵ, عەلمانی میانڕەو. ئەمەی سێیەم موسڵمانە ئاسایی و میانڕەوەکانیشیان لەگەڵدایە, واتە زۆرینەی خەڵك کە موسڵمانێتی و ئیمان و سروشەکانی خواپەرستی لەلایان تێکەڵی مەرام و ئارەزووە سیاسیەکان نەبووە و ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیانویستووە لە ڕێی نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و حەج و جێبەجێکردنی ئەرکانەکانی خواپەرستی ببنە حوکمڕان.

توندڕەوانی ئیسلامی سیاسی لە ڕووکەشدا لە ماددەی 7ی پرۆژەی دەستوورەکە ناڕازین و لە جەوهەریشدا لە کۆی فەلسەفەی حوکم لە هەرێمی کوردستاندا ناڕازین, چونکە ئەوان هەر لە بناغەوە لەگەڵ ئەو تێزەدانین کە **(دەستوور فەلسەفەی حوکمە)**, چونکە ئەوان شەریعەتی ئیسلامیان هەیە کە فەلسەفەی حوکم و هەموو ڕەفتارێکی ئینسان و کۆی ژیانە و پێویستی بە بەدیل نییە بە هەر ناوێکەوە بێت. نەخاسمە ئەم فەلسەفەیە **( دیموکراسی)** بێت و **(خەڵك)** بکاتە **(سەرچاوەی دەسەلآت و بڕیار)**.

کە داوا دەکەن ماددەی حەوت بگۆڕدرێ و **(شەریعەتی ئیسلام)** بکرێتە **(تاکە سەرچاوە)** بۆ داڕشتنی دەستوور و یاساکان واتە دەبێت سەرلەبەری بەند و برگەکانی دەستوور و دواتریش یاساکان لەگەڵ ڕووحی ئەم ماددەیەدا ڕێکبخرێنەوە, ئەوسا هەر بۆ نموونە دەروازەی دووەم لە دەستوور بە هەموو ماددەکانییەوە کە لەسەر بناغەی ڕووح و فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کلتوورییەکانی مرۆڤ داڕێژراوە نەك هەر تووشی گۆڕانکاری بنەڕەتی دێت بەڵکو بە دوور نازانرێ هەڵتەکێنرێ و نەهێڵرێ.

پاساوم بۆ ئەم گریمانەیە زۆرن بەڵام بۆنموونە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:

1- ئەوەی لە ماددەی 18دا هاتووە لەگەڵ تێڕوانین و تەفسیری ئیسلامی سیاسی توندڕەودا نایەتەوە بۆ شەریعەتی ئیسلام کە هەموو **(هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا لە ماف و ئەرکدا یەکسانن بە بێ جیاوازی لە نێوانیان بە هۆی ڕەگەز, نێر و مێ, ڕەنگ, زمان, پێگەی کۆمەڵایەتی, ئایین, ئایینزا, باری ئابووری, باری کۆمەڵایەتی, یان ئینتیمای سیاسی و هزری)**, هەروەها ئەوان لەبناغەوە ناکۆکن بەوەی لە ماددەی 21دا هاتووە کە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات **( هەر شتێك بە بەربەست دابندرێت لەبەردەم یەکسانی ئافرەتدا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و سیاسیدا لابەرێت)**. هەروەها ئەوان دژی ئەوەن کە **(هاووڵاتیانی هەرێم مافی بەشداریکردنیان هەیە, ڕاستەوخۆ یان لەڕێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیانەوە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بە شێوەیەکی ئازادانە, هەروەها مافی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنە گشتییەکان و ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنە خۆجێیەکان و شارەوانی و دەستە ئەهلییەکاندا هەیە, لەگەڵ وەرگرتنی پۆستە گشتییەکان بە یەکسانی, بە پێی ئەو مەرجانەی یاسا دەستنیشانیان دەکات و لەسەر بنەمای ڕەخساندنی هەلی یەکسان)** هەروەکوو لە برگەی یەکەمی ماددەی 23دا هاتووە. چونکە بە تێڕوانینی ئیسلامی سیاسی توندڕەو نێرو مێ لە ئەرك و مافدا یەکسان نین, ئەرکەکانی مێ زاوزێ و منداڵبەخێوکردن و ماڵداری و خزمەتکردنی نێرەکانی ناو خێزان و مێردەکەیەتی. بەشداری لە چالاکی و کردارە سیاسی و ئابووری و کلتوورییەکاندا ئەرکی ئەو نین و تەنیا ئەرکی نێرانە.

لە میراتدا مافی مێ کەمترە لە هی نێر و, لە شاهێدیدا دووانیان بەرابەر یەك نێرە تەنانەت ئەگەر ئەو نێرە گێلەپیاوێکی نەخوێندەوار بێت و, ئەو دوو مێیەش خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بن لە زانستی ئەتۆمیدا.

تەڵاقدان تەنیا مافی نێرە, شووکردن ئەگەرچی پرسی تێدایە بەڵام پرسەکە لە نێر دەکرێ. ئەگەرچی ڕەزامەندی تێدایە بەڵام ڕەزامەندییەکە هی نێرەکانی ناو خانەوادەکەیە. ئەگەرچی شاهێدی پێویستە بەڵام شاهێدەکان تەنیا نێرەکانن. فرەژنی مافی نێرە تەنانەت بەبێ ڕەزامەندی ژنەکانی دیکەشی.

کڕین و فرۆشتنی موڵك تەنیا مافی نێرە تەنانەت ئەگەر هی مێیەکەش بوو, واتە دەبێت مێ بە ڕەزامەندی نێرێك ( باوك, برا, مێرد, یان هەر نێرێك کە وەلی ئەمری بێت) مەڵکی خۆی بفرۆشێ یان موڵکێك بکرێ, ئەمەش لەبەر ئەوەی کڕین و فرۆشتن

(مامەڵە)یە لە نێوانی دوو تەرەف یان زیاتردا کە نێریان تێدایە و مەحرەمن بە مێ و نابێت مێ ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

نابێت مێ ببێتە سەرۆکی دەوڵەت, یان سەرۆکی حکومەت. بە واتایەکی دیکە وەلی ئەمری ئومەی ئیسلام نابێ مێ بێت. تەنانەت نابێ مێ دادوەر بێ, نابێ هیچ پلەیەکی گشتی سیاسی و ئیداری وەربگرێ, واتە نابێ لە هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی, سیاسی , یاسایی, ئیداری, ئابووریدا مێ نێر بەڕێوەببات و دەسەڵاتی بەسەریدا هەبێت.

2- هەمان ئەو ماف و ئەرکانەی لەو سێ ماددەیەی پرۆژەکەدا هەن, بۆ نموونە, بە تێڕوانینی ئەوانی توندڕەو دیسانەوە ناشێن کاتێك مەسەلەی ماف و ئەرك لە گۆشەی دەسەڵات و وەلی ئەمری ئومەوە تەماشای مافەکانی موسڵمانان و موالی و غەیرە موسڵمان بکەین, چونکە مافی حوکمڕانێتی تەنیا بۆ موسڵمانانە. حاکم, یان رابەر یان مورشیدی یەکەم ( سەرۆکی هەرێم), (سەرۆکی حکومەت), (سەرۆکی شورا- پەرلەمان) دەبێت موسڵمان بن, سوونەش بن نەك شیعە یان سەر بە مەزهەبێکی دیکە بن. هەرگیز نابێ هیچ یەکێك لەمان مەسیحی, ئێزیدی یان هەر ئایینزایەکی دیکەبن, واتە بە پێچەوانەی دەستوورەوە کە هاوڵاتیانی هەرێم سەرەڕای جیاوازییان لە ئایین و نەتەوە و رەگەز و نێرو مێ و ....هتد مافی ئەوەیان هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا بەشداربن و پۆستە گشتی و سەروەرییەکان وەرگرن.

3- ئەوان لە داڕشتنی یاسا و رێساکاندا بەسەرچاوەگرتن لە شەریعەتی ئیسلامەوە دەستەواژە و زاراوای تایبەتیان هەیە کە لە شکڵ و ناوەڕۆکدا جیاوازن لە کۆی ئەو زاراوە سیاسی و یاساییانەی لەم پرۆژەیەدا دانراون و, دەبێت بگۆڕدرێن.

کەواتە دەکرێ گریمانەی ئەوە بکەین ئەم پرۆژەی دەستوورە لە دیدگای ئەوانەوە لەسەر بناغەی شەریعەتی ئیسلام نییە و دەبێت سەرلەبەری بگۆڕدرێ.

لە ئەڵقەکانی دیکەدا ئەگەر پێویستی کرد دەگەڕێمەوە سەر ئەم رەوتە و, رای خۆشم لەسەر دوو رەوتەکەی دیکە روونده‌کەمەوە.